چیرۆکی کۆڵنەدانی فایزە و گەشتی بەرەو تواناسازی



لە عێراقدا مەزەندە دەکرێت کە ١.٣٢ ملیۆن کەس لەژێر مەترسیی جۆرەکانی توندوتیژی بن ولەو ژمارەیەش زیاتر لە ٧٥%یان ژن و کچانی هەرزەکارن. وێنە: رابەرعەزیز\رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٣

**"بۆم دەرکەوت کە دەتوانم سوود لە بارودۆخی خراپ وەربگرم و بیگۆڕم بۆ دەرفەت وهۆکارێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچم و بەرگە بگرم و تەحەدای خۆم بکەم".**

فایزە*ی تەمەن چل و چوار ساڵان و خەڵکی موسڵ بە متمانە و تێڕوانینی ئەرێنی و ئارەزووی ئیلهامبەخشین بۆ ژنانی دیکە، خەڵکی سەرسام دەکات.

بەڵام فایزە هەمیشە وا نەبوو. پەڵە سووتاوەکانی سەر پێستی فایزە چیرۆک ئەو زەبرە دەروونیانەی کە بینیویەتی و ئەو شەڕانە بەبێدەنگی بۆ ماوەی ١١ ساڵ ئەنجامی داون، دەگێڕنەوە. لە ژێر زەردەخەنە بەمتمانەکەی ئەمڕۆی فایزە چیرۆکێک هەیە کە بە دەنگدانەوەی توندوتیژی لە قاڵب دراوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەلای ئەو زۆر سەرسەخت بوو .

فایزە پێشان خەونی سادەی هەبوو بۆ دروستکردنی خێزانێکی بەختەوەر. لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا هاوسەرگیری کرد وسێ منداڵی بوو، بەڵام بەختەوەری هاوسەرگیرییەکەی تێکچوو کاتێک هاوسەرەکەی ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی کردەوە، بەجۆرێک لە دوا شەڕیاندا سووتانی جەستەی لێکەوتەوە. ئەوە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ فایزە.

فایزە بە دەنگێکی جێگیر و پڕ لەئیرادەوە دەڵێت: "بڕیارمدا جیاببمەوە."
بەگۆشەگیری لە کۆمەڵگادا، فایزەی تەنیا و جەستەسووتاو پەروەردەکردنی سێ منداڵەکەی کەوتە ئەستۆ بێئەوەی داهاتێکی جێگیری هەبێت، ناچار بوو ئەم هەموو ئازارە بەتەنها بچێژێت وهیچ کەسێکی نەبوو پشتی پێ ببەستێت.

خۆشبەختانە پشتگیری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە کاتێکدا هات کە فایزە زۆرترین پێویستی پێی بوو. لە ڕێگەی هاوکارییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ ڕزگاربووانی توندوتیژی دژی ژنان وکچان، لەلایەن کارمەندێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی بۆ دابین کرا و ڕەوانەی چەند دابینکەرێکی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆری دیکە کرا بۆ پشتگیریی زیاتر.



لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ەوە، ٣٧ ڕزگاربووی توندوتیژی سوودمەند بوون لە پاڵپشتیی بەڕێوەبردنی کەیس لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. لە ڕێبازی کارکردنیدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ تواناکن و لێهاتوویەکانی ڕزگاربووان لەبەرچاو دەگرێت بۆ زیادکردنی خۆڕاگرییان. وێنە: ڕابەرعەزیز\ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠

فایزە گووتی: " وردەوردە هەستم کرد بە متمانە و ئەرێنی."

بە خۆڕاگرییەکی تازەوە، فایزە پەیوەندیی لەگەڵ منداڵەکانی بنیات نایەوە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەڕووی سۆزدارییەوە ناسەقامگیر بوو و فشاری دەروونی و دەمارگیریی هەبوو. قۆناخی دواتری لە بنیاتنانەوەی ژیانیدا ئەوە بوو کاتێک کارمەندی کەیسەکەی ڕەوانەی پرۆگرامی نزیکبوونەوەی دەرچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچی کرد. لەوێدا، زەمالەیەکی وەرگرت و ڕاهێنانی بنەڕەتی لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی کار وەرگرت، هەروەها هاوکاریی نەختینەیی پێدرا کە ڕێگەیەوە داهاتێکی جێگیری هەبێت.

"ئێستا من بوومەتە دایکێک کە منداڵەکانم شانازی پێوە بکەن".

فایزە ئێستا بە وزە و کارامەیی نوێوە تەیار کراوە و ئاواتەخوازە پیشەیەک وەکو پشکنەر یان پەرستار دەست پێ بکات و بەهۆیەوە ئیلهام بە ژنانی دی ببەخشێت:

"شانازی دەکەم کە سەرمەشق بم بۆ کەسانی دیکە. من دەمەوێت ژنانی دی کە لە توندوتیژی ڕزگاریان بووە، قسە بکەن و داوای پاڵپشتی بکەن نەک بترسن".

بە پشتیوانی نووسینگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ دانیشتووان، پەنابەران و کۆچ، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یارمەتی ژنانی وەک فایزە دەدات لە ڕێگەی پشتگیری بەڕێوەبردنی کەیسی تاکەکەسی، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی و ڕەوانەکردن. وەک بەشێک لەم دەستپێشخەرییە، ١٣ ڕزگاربوو ڕەوانەی بەرنامەی ڕێبازی دەرچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کران بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە چاکبوونەوەی درێژخایەنیان..؛ ١٣ ڕزگاربوو ڕەوانەی پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کران.

*ناوەکە گۆڕدرا بۆ پاراستنی نهێنی.

نووسینی ئۆلگا بۆرزینکۆڤا، بەرپرسی پەیوەندییەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ.